سەرۆك کەمار و شای بەحرەین جەختیانکردەوە لە گرنگی بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە

ئەمە پێنجشەممە، سەرۆك کەمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، لەگەڵ حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە شای بەحرەین جەختی لەسەر گرنگی بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە کردەوە.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کەمار لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : سەرۆك کەمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید لە پەراوێزی لوتکەی عەرەبی لە 33هەمین دانیشتنی خەیدا لە مەنامە لەگەڵ شای بەحرەین حەمەد بن عیسا ئال خەلیفە کەبووەوە.

ئاشکراشیکرد: لە سەرەتای کەبوونەوەکەدا، سەرۆك کەمار پیرۆزبایی لە شای بەحرەین کرد بە بۆنەی بەڕێوەچوونی باشی کارەکانی لوتکەکە و ستایشی هەوڵەکانی بەحرەینی کرد کە بە بەڕێوەچوونی لوتکەکە و ئەو پرسە گرنگانەی کە باسی لێوە کرد.

هەر بەپێی بەیاننامەکە: پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هەردوو گەلی برا تاوتوێ کرا، هەروەك سەرۆك کەمار جەختی لە گرنگی کارکردن بە بەهێزکردن و پەرەپێدانیان لە بوارە جیاجیاکاندا کردەوە بە شێوەیەك کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بەدەستبهێنێت و ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە بەرزبکاتەوە.

هەروەها هەردولا جەختیانکردەوە: لە گرنگی بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە و کارکردن

بە کۆتاییهێنان بە ئازارەکانی گەلی برای فەلەستین و پێدانی مافە ڕەواکانیان و داواشیان لە کەمەگەی نەوەوەتی کرد بەرپرسیارێتی یاسایی و ئەخلاقی خۆی لە ئەستۆ بگرێت بە ڕاگرتنی شەڕی کەرتی غەزە.

لە بەرامبەردا ئال خەلیفە پیرەزبایی لە سەرۆك ڕەشید کرد بەبەنەی میوانداریکردنی لوتکەی داهاتووی عەرەبی لە بەغدا و هیوای سەرکەوتنی بە عەراق و گەلەکەی خواست.